
# بێزاری له من دهچێ

**ئاویزان نوری**
Awezan_n@yahoo.com



ئیلاهی
بمبهخشه كه نازانم به گێڕانهوهی چ حیكایهتێك
منالّه لاسارهكانی ناخم بێدهنگ بكهمو
له چوار دهوری قهدهره نابهڵدهكهم
ئهلور بهلور تهكامهیان پێ بكهم
بمبهخشه كه نازانم جگه له نوسینهوهی
حهقیقهتێكی تالّ
دهفتهری رۆژانهم
به خهیالّێكی جوان پڕ بكهمهوه
بمبهخشه كه ناتوانم پهنجهرهكهم بخهمه سهر پشتو..
بۆنی تهنیایی له ژورهكهم دهربێنمو
پڕی بكهم له بۆنی هاتنی "یار"
بمبهخشه كه دهستم ناگا
وشهی (هیچ یان نازانم) له زاكیرهی خالّییم بسڕمهوه
بمبهخشه كه توانای گهڕانم نهما
تا بزانم ئاسودهیی
له چ قوژبنێكی ئهم جیهانهدا
خۆیم لێ دهشارێتهوه
بمبهخشه كه تێناگهم لهخهونی چ تهنوربانێكی ولاّتی غهریبیدا
كۆشم پڕ دهبێت له خۆڵهمێشی فهنابوون
بمبهخشه كه ئیدی چۆلهكهی بهختم
ناتوانێ له سهر لقی هیچ مهرازێك ههڵبنیشێت
قامكی شیعریش ئیدی ناتوانێ
مۆسیقای بهدبهختیهكانم بۆ بژهنێت
بمبهخشه كه ئیدی ناشتوانم ببهخشم
(رۆح)ێكم پڕ له شهرمو تهریقبوونهوه
(ژیان)ێكم پڕ له غهدر

بوخچەیەکم پڕ لە تاوانی قەدکراو

خاکێکم پڕ لە ئێسکو پروسک

شەهیدێکم پڕ لە دەقیقە وەستان

مێژوویەکم پڕ لە سڕینەوە

ئازادییەکم کاس بە زڕەی زنجیر

داستانێکم خاڵیی لە وشەی ڕژاو

کۆلارەی دەستی قەدەرێکی شەهوەتبازم

بە پەتی خیانەت هەڵدراو

لە تابلۆیەك دەچم خاڵیی لە ڕەنگو

خەونێك خاڵیی لە تەفسیرو

منێك خاڵیی لە خۆم

نە دڵی چۆلەکەیەکم پیێ ئاشت دەکرێتەوە

نە نوزە نوزی (با)م پیێ ژێر دەبێتەوە

نە فرمێسکی چاوی هەورەکانم بۆ دەسڕێتەوەو

نە تیشکی خۆرم پیێ هەڵدەگیریێ

تا لە شەوە تاریکەکانم بیکەکە چرا

ئەمەیە ژیانی من

لە نوسەرێکی بیێ ئەزموون دەچم

کاتیێ زاکیرەم پڕ دەبێت لە وشەی ڕەنگاو ڕەنگو

ژورەکەشم پڕ دەبێت لە تەمی نوسین

منیش نازانم بنوسم

چوونکە

قەڵەمەکەم لە سەرخۆشێك دەچیێ

هەر شەوی لە سەر شەقامی کاغەزێکی پەرپوتدا

مەستی خاڵیی دەکاتەوەو

پێکی حەرفەکان هەڵدەدا

کەچی نوسینێك نەیتوانی

مەلەفی وڕینەکانی ناخم ئاشکرا بکات

سەدەیەکە ڕێدەکەمو

هەنگاوەکان جورئەت ناکەن ڕۆیشتنەکانم بخوێننەوە

کەنارییەکەم بە نەغمەی گریان گۆرانی دەچڕم

کەس گوێم لیێ ناگریێو

کەس لە دیلێتیم حاڵیی نابێ

قەفەسەکەم نەبێ

ئاگرێکم کڵپەم دێتو

دوکەڵ لە سوتانەکانم حاڵیی نابێ

ئەمەیە نەهامەتی من

لە تابلۆیەکی ساختە دەچم

نە بە پێنوسی رەساس دروستکرابمو

نە بە بۆیەی ئاوی نەخشێنرابم

بۆیە هیچ دیوارێکی زەمەن نامگرێتە خۆو

لە نێو هیچ پێشانگەیەکی (وجود)یشدا جێگەم نابێتەوە

ئیلاهی

داوام لە چۆلەکەیەك کرد

کە لەگەڵ هاورێکانیدا

لەنێو حەوشەکەم چینە بکەن

چۆلەکە بە جریوە جریو رۆیشتو

بە تاکە باڵێك هاتەوە

پێی راگەیاندم:

دارلاستیکەکان نەیانهێشت

دارلاستیکەکان فرینیان لێ حەرام کردین

دارلاستیکەکان ناهێڵن ئازاد بفرین

بۆیە دەبینە شەمشەمەکوێرەو

شەوان دەفرین

شەمشەمەکوێرە راوناکرێ

دارلاستیکەکان بە چۆلەکەکان دەوێرن

لە بن هەنگڵی رۆژدا ئیدی ژیانو فرین دەستناکەوێ

بۆیە ئیدی بیر لە فرین ناکەینەوە بە رۆژ

نەبادا دارلاستیکەکان بمانبینن

دەرۆینو

سکاڵاکانیشمان بەرەو عەدەم دەبەینەوە

هەر هێندەی ووت

منیش گەرامەوە نێو ژورە ساردو سرەکەمو

تەنیاییم گرتەوە ئامێز

تەنیاییەك.. عەیامێکە تەمەنم بەهەدەر دەداتو

هێدی هێدی دەمکوژێنێتەوە

ئەمەیە ئازادییەکەی من

لە کەلاوەیەك دەژیم

پێشتر ماڵی رەشەبا بووە

جیّ دەستی بە هەموو ژورەکانەوە دیارە

لەسەر هەموو دیوارەکانی یادگاری خۆی نوسیوە

لە بنمیچی هۆڵەکەو لەسەر دەرگای حەوشەکە نوسیویەتی:

کەس ناتوانیّ لە ماڵی رەشەبادا ئاسودە بژێت

کەس ناتوانیّ لە شەوانی رەشەبادا

ماچ لەگەڵ تریفەکاندا بگۆڕێتەوە

کەس ناتوانیّ لە رۆژانی رەشەبادا

لە پەنجەرەکەیەوە پێشوازی لە تیشکی خۆر بکات

کەس ناتوانی لە وەرزی رەشەبادا

بەرگی شنەبا بپۆشێت

ئەوەی دێتە ماڵەکەی من

دەبیّ لە سەرابدا بژێت

دەبیّ خەون بە سەحراوە ببینێت

بە لم دەستنوێژ هەڵگریّو

لەسەر بەرماڵێکی تۆزلێنیشتوو

نوێژ بۆ گەردەلولێك بکات تا هەڵیپێچێت

ئەمەیە کەلاوەکەی من

ماڵی مێرولەو رەشەبایە

بەر لەخۆم دەبیّ مێرووەکان تێر بکەم

بەر لە خەوتن دەبیّ دەرگاکەم بخەمە سەر پشت

بۆ پێشوازی کردن لە رەشەبا

نەبادا یاخیی بێتو

دەرگای خەیاڵم لەبن دەربێنیّ

دەبیّ هەموو رۆژێك

تۆزی سەر کتێبەکانم بتەکێنمو

لاپەڕە رەشبووەکانی ئەو رۆژانەم بسڕمەوە

کە باسی رەشەبام تیا نەکردوون

دەبێ دەم نادەمێك

سەیرێكی نازنازو لاولاوی نێو باخچە بچكۆلانەكەم بكەم

نەبادا رەشەبا بیانكوژێ‌و

منیش بێ ئاگابم لە مەراسیمی ناشتنیان

دەبێ ئاگام لە وەرینی گەڵاكانیش بێت

نەبادا رەشەبا بەرەو عەدەم رایانپێچێت

ماڵەكەم لە نوسراوێكی خاكی دەچێ

كەس بۆی ناخوێنرێتەوە

رەشەبا نەبێ

ئیلاهی

بمبەخشە كە نوقمی خەتامو

وادەزانم بەرائەتم لێ دەتكێ

بمبەخشە كە مەستی گوناهمو

وادەزانم حاڵم بە چاكەوە گرتووە

بمبەخشە كە نوسینەوەی حەقیقەتەكان وای كرد

گۆزەی سەر شانی ژیانم پڕ بكەم لە درۆ

بمبەخشە كە نازانم چۆن خۆم ببەخشم

كە خۆشم بەخشینم لێ دەڕژێ

ئیلاهی

شێتم مەكە تا لە نهێنی شێتی دەگەم

ملوانكەی زەنگیانەی هزرم مەپچڕێنە

نەبادا بەسەر گێلێتیم خلۆر ببنەوە

لە نەفامیم زویر مەبە گەر نەفامم

ئەمەیە نزاكانی من ئیلاهی

یاخییمو

گەیشتمە لوتكەی یاخییبوون

جا حاڵیی بووم كە بێزاری لە من دەچێ

بێزارییەك

لە سەحەردا بەر لە خۆر بەیانی باشم لێ دەكاو

ئێوارانیش

هێدی هێدی دەخزێتە نێو پێخەومەوە